## کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان ئیجازەی ڕەسمی کارکردن وەردەگرێت

لە دوای ئەوەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری هەرێمی کوردستان ئامادەنەوبوو وەڵامی داواکاریەکەی کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان بداتەوە کە ئەوە زیاد لە 10 مانگ دەبێت بە شێوەیەکی ڕەسمی ئاراستەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری کراوە، کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوان و لە پێناو بەرەو پێش بردنی کارەکانی خۆی ناچار بوو لە ئەورپا داوای ئیجازەی کارکردن بکات و خۆشبەختانە ڕۆژی هەینی 7ی مانگ وەڵامی ئەرێنی درایەوە و بە ژمارەی 7063-802438 کار دەکات وەک ڕێخراوێکی ڕۆژنامەوانان و پەیڕە و پرۆگرامی کۆمیتەکەمان پەسەندکرا .

بەو بۆنەوەیە پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان دەکەین و هیوادارین هەموو ڕۆژنامەوانان لە دەوری ڕێکخراوەکەیان کۆببنەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئازادانە کار بکەن و بەرگری لە یەکتری بکەن. هەروەها ئاگاداری ڕۆژنامەوانان و نووسەرانی کوردستانی دەکەین کە لە ماوەیەکی نزیکدا هاوکاریەکی بتەوتر لەگەڵ ڕێکخراوەکانی جیهانی دەکرێت .

**کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان**
2007-11-13
Ko_b_r_ku@yahoo.com
**C**ommittee to **P**rotect **K**urdistan **J**ournalists